سەرکایەتی کەمار لە سایادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ڕووسمکی ماتەمینی ڕکدەخات

بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ شەممە 16-3-2024 لە کەشکی سەلام لە بەغداد، بەبۆنەی سایادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە، سەرکایەتی کەمار ڕووسمی ساتك وەستانی ماتەمینی ڕکخست.

لەووسمکەدا هەریەك لە قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك و نوێنەرانی نەردە دیپلۆماسیەکان لە بەغداد و لێپرسراوانی باڵا و فەرمانبەرانی سەرکایەتی کەمار و هێزەکانی کوردستان بەشداریان کرد.

ڕووسمکە بە خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و عێراق دەستیپکرد، دواتر بەڕێز د.کامیل کەریم دڵەمی سەرکی دیوانی سەرکایەتی کەمار وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا جەختیکردەوە، بەئامانجگرتنی هاووڵاتیان لە هەڵەبجە بچەکی کیمیایی، تاوان و کردەوەیەکی قێزەون، کە ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتی هەژاند و جیهانی بەئاگاهێنایەوە سەبارەت بەهەڵوێستی ستەمکاری و خوێنڕژی و ئاوڵی دیکتاتۆریەت ئەنجامی دەدات لە بەکارهێنانی یەکێك لە قێزەونترین چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر هاووڵاتیانی سڤیلی کورد.

هەروەها د.دڵەمی ڕایگەیاند، بەردەوامبوون لە بونیادنانی ئەزموونی دیموکراسی لەدەوڵەتکی

فیدراڵیدا یەکەکە لە گرنگترین وانە پێویستەکان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوە و گەیانەوە بۆ ستەمکاری، هاوکات ڕێز و ستایشی بۆ قوربانیان و خەزانەکانیان و شاری هەڵەبجە وەک سیمبولێکی نیشتمانیی پایەبەرز و شکۆمەند دەربڕی.

سەرکی دیوانی سەرکایەتی کەمار، جەختی لە گرنگی بەردەوامبوونی کاری دەستزانش کردەوە بۆئاوەی شاری هەڵەبجە بەتە پارێزگا لە هەرەمی کوردستاندا، هەروەها خزمەتگوزارییەکان پەرەیانپێبدرێت و پەداویستییەکانی هاووڵاتیانی لێژیانکی ئازاد و شکۆمەند و ئارامدا دابینبکرێت.

ئەمش دەقی وتەکەی سەرکی دیوانی سەرکایەتی کەمار:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

لە ساڵیادی پێئازاری تاوانی کیمیابارانی هاووڵاتیانی هەڵەبجەدا، لێرە لە سەرکایەتی کەمار ئەم یادە بە تووڕەیی و دڵتەنگییەکی زۆرەوە بەبیردەهێنینەوە، هەروەها بە ڕێز و ستایشەوە یادی ئەو قوربانیدانە مەزنانەی گەلەکەمان دەکەینەوە، کە پێشکەشیانکرد لەبەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەمکاریی دیکتاتۆریەت و بەباکی لە بەرامبەر گشت بەها مرۆییەکان.

ئەم تاوانە کردەوەیەکی قێزەون بوو، کە ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتی هەژاند و جیهانی بێئاگاهێنایەوە بەرامبەر بە ڕەفتاری خوێنمژانەی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت، کە قێزەونترین چەکی قەدەغەکراوی نەوەوەتی دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد بەکارهێنا.

تاوانی هەڵەبجە و قوربانییەکانی خاڵێکی جیاوازە لەمێژووی ستەمکاریدا، نەک تەنها لە وڵاتەکەماندا، بەڵکو لە تەواوی مێژووی دیکتاتۆرەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، تاوانێکی بێ وێنەیە لەمێژوودا لەووی هەڵسوکەوتی وەحشیگەرانەی ستەمکاران دژی گەلەکانیان.

گرنگترین وانە، کە ئەم تاوانە دوپاتیدەکاتەوە، بریتییە لە بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی بە پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی لە لادانی ستەمکاری و پاراستنی سەلامەتیی مرۆڤەکان و مافی ژیانیان لە وڵاتەکانیان بە ئاسایش و ئاشتی و ئازادی و شکۆمەندی.

لەبەرئەوە بەردەوامبون لەبونیادنانی ئەزمونی دیموکراسی لەدەوڵەتێکی فیدراڵیدا، یەکێکە لە گرنگترین وانە پێویستەکان بۆ ڕێگریکردن لە گەیانەوە بۆ ستەمکاری.

لەم بەنە ئازاربەخشدا، کاتێك یادی قوربانیدانە مەزنەکانی گەلەکەمان دەکەینەوە، ستایشی گەورەیی ئەو قوربانیدانانە دوپاتدەکەینەوە و بە ڕێز و پێزانینەوە یادی شەهیدان دەکەینەوە، سەاو لەو خانەوادانە دەکەین کە ستەمیان لێکرا و بە ڕێزکی زۆریشەوە دەوانینە شاری هەڵەبجە وەك هەمایەکی نیشتمانیی پایەبەرزی خاوێن شانازی و شکۆمەندی.

لەم بۆنەیەدا جەخت لە گرنگی بەردەوامبوونی کاری دەستەی دکۆمێنتەو بۆ ئەوەی شاری هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا لە هەرەمی کوردستاندا، هەروەها پەرەبدرێت بە خزمەتگوزارییەکان و پەداویستییەکانی هاووڵاتیانی لێژیانکی ئازاد و شکۆمەند و ئارامدا دابینبکرێت.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی عێراق..

شانازی بە خانەوادە بەخشندەکانیان.

شکۆمەندی بۆ هەڵەبجە.

دوبارە سڵاوی خوداتان لێ بێت.